# تەبلێتێک بۆ خێزانێک

ڕەنگە ئەو مانشێتەی سەرەوە تا ڕادەیەك سەرنج ڕاکێش بێ، تەبلێتێك بۆ گشت ئەندامانی ماڵەوە.. بەڵام تەبلێتی جۆری one touch xess کە نوێترین بەرهەمی کۆمپانیای فەرەنسی ئەلکاتێلە، وەك ناوەکەی ڕا دیارە بۆ هەموو ئەندامانی خێزانێکە.. چونکە تەبلێتێکە قەبارەکەی ١٧ ئینجە.. هەرچەندە کۆمپانیاکە ناوی ناوە «تەبلێتی چێشتخانە»، چونکە زۆرتر ئەندامانی خێزانێك لە چێشتخانە کۆ دەبنەوە و خزمەتگوزارییەکانی تەبلێتێەکەش هەر ئەوە دەردەخەن وەك دەکرێت هابێکی ناوەندی بێت و بەهۆیەوە گشت ئەندامانی ماڵەوە سوودی لێوەربگرن. بۆ نموونە منداڵان دەتوانن پرۆگرام و یاری تایبەت بەخۆیان دابنێن. یان دەکرێت وەك کامێرای چاودێری ماڵەوە دابندرێت، یان دەکرێت پرۆگرامی چێشتلێنانی بۆ دابنرێت و بەکارهێنەر لە شاشە گەورەکە سەیری پرۆگرامەکان بکات.. یان دەکرێت وەك تەلەڤزیۆنێکی full HD بۆ نیشاندانی فیلم سەیر بکرێت.. تەبلێتەکە خێراییەکەی ١,٥ گێگاهێرتزە. ڕامەکەی ٣ گێگابایتە. میمۆری ناوخۆیی ٣٢ گێگابایتە. پێنووسی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە، جگە لە هەموو ئەوانە سپیکەرەکانی زۆر بەهێزن و دەکرێت وەك مۆڵتی میدیایەك سوودی لێوەربگیرێت.



# کامێرایەکی بە کوالیتی سەد مێگاپیکسل



لە کامێرای وێنەگرتندا بە تەنیا لەسەرووبوونی ڕێژەی مێگاپیکسل بەس نیەی بۆ کێشانی وێنەیەکی جوان، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هەتا مێگاپیکسل لەسەرووتر بێت کوالیتی وێنەکە باشترە، بەو مانایە ئەگەر ڕوون و گەشی نەبێت لە وێنەکەدا دەکرێت بە پرۆگرام بۆ زیاد بکرێت... بەڵام کوالیتی وێنە بە پرۆگرام زیاد ناکرێت..

کۆمپانیای hasselblad لەم دواییەدا کامێرایەکی وێنەگرتنی بەرهەم هێناوە کە زیاتر بۆ ئەوانەیە کە کاری پیشەیی دەکەن، نرخی کامێراکە سەرووی ٣٣ هەزار دۆلارە کە ئەمەش نرخێکی کەم نییە.. کامێرای جۆری H٦D توانای وێنەگرتنی بە کوالیتی سەد میگاپیکسلە.. سیستەمی وای فای هەیە و شاشەکەی سێ ئینجە، خاڵی گرنگی کامێراکە ئەوەیە کە دەتوانێت بە کوالیتی K4 وێنە بگرێت..

# نوێترین کاتژمێری زیرەک لە هواوییەوە

کۆمپانیای huawei کە کۆمپانیایەکی چینییە، بەڵام بەرهەمە تەکنەلۆژییەکانی لە ڕیزی باشترینی چینییەکان دێنە ژمار، لەم دواییەدا نوێترین ڤێرژنی کاتژمێری هۆشمەندی بەرهەم هێناوە کە بە کاتژمێری جۆری TalkBand B3 ناسراوە، ئەم کاتژمێرە نوێیە سێ جۆری هەیە (Elite, Classic, Active) لە چەندین ڕەنگی جیاوازدا.. جۆری (ئەکتیڤ)یان تایبەتە بە یانەکانی وەرزشی و ڕاکردن و مەلە کردن و یارییە وەرزشییەکانی دیکە.. کاتژمێرەکە شاشەیەکی جۆری PMOLED هەیە. باتری کامێرەکە هەتا ٤ ڕۆژ دانابەزێت.. کاتژمێرەکە بە تەڕبوون تێك ناچێت، تۆز و خۆڵ ناگرێت..










# ڤۆلۆکۆپتەر وەک تەکسی هەوایی ناو شارەکان

هەمووتان هێڵی کۆپتەرتان دیوە، کە بۆ کاری نیزامی و هەروەها فریاگوزاری سوودی لێوەردەگیردرێت، بەڵام ڕەنگە وشەی (volocopter)تان نەبیستبێ، ئامێرێك زۆر لە شێوەی هیلی کۆپتەر دەچێت، بەڵام بە قەوارە و ستایلێکی دیکەوە.. ڤۆلۆکۆپتەر بە وزەی کارەبا کار دەکات... هیچ دەنگێکی ئەوتۆی نییە لە کاتی کارکردندا..

ئەم ئامێرە لەلایەن کۆمپانیایەکی گەورەی ئەڵمانیاوە دروست کراوە. ڤۆلۆکۆپتەر تەنیا جێگای دوو کەسی دەبێتەوە و زیاتر بۆ ئەوە بەرهەم هاتووە کە زۆر بە خێرایی هەندێك کەلوپەلی پێویست لە شارەکاندا بگوازێتەوە..

وڵاتانی جیهان بەگشتی ئامێری ناوبراو هەروەك هێڵی کۆپتەر سەیر دەکەن بۆیە بۆ لێخوڕینی پێویستی بە یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە.. ئەگەر ئامێرەکە گشتگیر بێت دەکرێت وەك تاکسی هەوایی لە نێوان شارەکاندا سەیری بکرێت..



# تەنکترین لاپتۆپ لە جیهاندا

دەستەواژەکانی تەنکتر، بچووکتر، کەم کێشتر و زۆر وشەی دیکە لە جیهانی تەکنەلۆژیادا تەمەنیان کورتە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ وەك تەنکتر دەناسرێت سبەی کۆمپانیایەکی دیکە پێوانەکەی دەشکێنێت و تەنکتر لەوەش بەرهەم دێنێت.. هەتا ئەم ڕێکەوتە کۆمپانیای HP پێوانەی تەنکترین لاپتۆپی بەزاندووە و لاپتۆپی جۆری HP specter بەرهەم هێناوە کە بارستاییەکەی بەقەد قەڵەمێك دەبێت تەنیا یەك سانت... کێشی لاپتۆپەکە کیلۆیەکی تەواوە. شاشەی لاپتۆپەکە ١٣ ئینجە.. نیشاندانەکەی full HDیە. نەوەی شەشەمی i7یی لەسەرە کە رامەکەی ٨ گێگابایتە. هاردەکەی ٥١٢ گێگابایتە.. سپیکەرێکی زۆر تیابەتی بۆ داندراوە..

باتری لاپتۆپی ناوبراو هەتا ٩ کاتژمێر دانابەزێت و بۆ فێنککردنەوەی پارچەکانی لە سیستەمی hyperbaric سوود وەردەگرێت واتە هەوای دەرەوە وەردەگرێت و لاپتۆپەکە فێنك دەکاتەوە..




## پاوەربانكێكی تایبەت

پاوەربانك كە لەم هەرێمەدا بە (شەحنی سەفەری) ناسراوە، بۆ ئەوەیە لەكاتی پێویستدا و لەو شوێنانەی كە دەست بە وزەی پێویست بۆ شەحنكردنەوەی ئامێرە ئەلكترۆنییەكان ناگات، ئەو وزەی پێویست دابین بكات.. كۆمپانیایەكی بەرهەمهێنی پاوەربانك داهێنانێكی نوێی لە پاوەربانكەكاندا كردووە، ئەویش پاوەربانكی جۆری ICY BOXی بەرهەم هێناوە كە شاشەیەكی تایبەتی هەیە و كاتێك مۆبایلی پێ شەحن دەكرێتەوە، رێكخستن و زانیارییەكانی سەبارەت بە رێكەوت و كاتژمێری مێژوو لەسەر پاوەر بانكەكە نیشان دەدرێ.. نەك ئەوە بەڵكو كەش هەوا، ئاگاداركردنەوەكان، رۆژمێر... ئەوانە لە سەر شاشەی پاوەربانكەكە دەبیندرێن.. دەكرێ وەك كاتژمێری ئاگادار كردنەوەش سوودی لێوەربگری..

## هارددیسكی ئوكستێرنالی دیسكتۆپ

كۆمپانیای سیگیت بەم دواییانە نوێترین بەرهەمی سەختە ئامرازی خۆی بەرهەم هێنا كە ئەویش بەیەكەم هارددیسكی ئوكستێرنالی دیسكتۆپ لە جیهاندا دەناسرێ..

بەرهەمهاتنی ئەم هارددیسكە گۆڕانكارییەكی نوێ لە جیهانی تەكنەلۆژیادا پێكدێنێ، چونكە پێویستی بە كارەبا نییە و وزەی پێویستی خۆی لە كۆمپیوتەرەكە بەهۆی USBیەوە وەردەگرێت.

دیارە ئەم هارددیسكە بیرۆكەی پێشووتری كۆمپانیای ئەپل بوو. هارددیسكی ئوكستیرنالی بۆ كۆمپیوتەری دیسكتۆپ وا دەكات كە خێرایی كۆمپیوتەرەكان بچێتە سەرێ و هەروەها هەڵگرتنی داتاكانیش زیاتر بێت.. هاردی INNOV٨ توانای هەیە ٨ ترابایت لەخۆیدا داتا هەڵبگرێت..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت مۆبایلێكی نوێم كڕیوە بەڵام گرفتێكم بۆ هاتۆتە پێش ئەویش ئەوەیە كە میمۆری دەخەمە سەرێ، میمۆرییەكە ناخوێنێتەوە گەرچی میمۆرییەكی نوێشە رێگا چارە چییە؟**

خوێنەری بەڕێز رەنگە هۆكارەكە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە فۆرمات میمۆریەكە لەگەڵ فۆرماتی مۆبایلەكە یەك نەگرێتەوە بۆ چارەسەری ئەم كارە سەرەتا بچۆ بۆ سەر بەشی settings لە مۆبایلەكەت و دواتر بەشی storage بكەوە.. دوای ئەوە بەشی format SD card بدۆزەوە.. بە ئەگەرێكی زۆرەوە كێشەكە چارەسەر ببێ...



# پرۆگرامێک بۆ ریکۆڤەری هەموو شتێک لە مۆبایلدا

فایلێکی گرنگ لە مۆبایلەکەتدا سڕاوەتەوە، منداڵەکەت دەستکاری کردوە و ناوە خەزنکراوەکانی سڕینەتەوە، یان پەیامە وێنەکان سڕاونەتەوە و تۆش پێیەوە نیگەرانی و خەفەت دەخۆی! گوێی پێمەدە.. پرۆگرامی GT Recovery هەموو شتێك وەك خۆی لێدەکاتەوە.. ئەم پرۆگرامە گرنگە ئەگەر مۆبایلەکەت رۆتۆیش نەکرابێ دەتوانێت هەندێك کار ئەنجام بدا، بەڵام بۆ ئەوەی کە هەموو ئەرکێك ئەنجام بدات پێویستە رۆت بکرێت.. root کردارێکە لە مۆبایلدا ئەوەیە کە بکرێت دەستکاری ئەو بەشانە بکرێت کە سیستەمەکە جێگیری کردوون.. پرگرامی ناوبراو تایبەتە بە سیستەمی ئەندرۆید.. ئەگەر وێنە و ناوەکان تەنانەت لەسەر خودی سیستەمی مۆبایلەکەش داکرابن هەر دەیانگەڕێنێتەوە.. قەوارەی پرۆگرامەکە ٥,٥ میگابایتە و لە گوگل پلەی دەتوانی بە خۆڕایی دایبەزێنی.. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە وێنە و پەیامە سڕاوەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تویتەر، فەیسبووك و واتس ئاپیش دەگەڕێنێتەوە...








# چاوی سێیەم بۆ چاودێری منداڵان

ئەوانەی هەستی دایك و باوکایەتیان هەیە لەو راستییە دەگەن تەنانەت ئەوکاتانەی منداڵەکانیان لەوپەڕی ئەمنیەت و دڵنیاییش دان هەر دڵیان لایانە... ئێستاکە ئەگەرچی کورسی تایبەت بە دانانی منداڵ لە ئۆتۆمبیلدا زۆر بووە، بەڵام هێشتاش هەندێك لە دایك و باوکان دڵیان داناسەکێ و کاتێك ئۆتۆمبیل لێدەخوڕین جارجارە ئاوڕێك لە پشتەوە دەدەنەوە کە بزانن منداڵەکەیان لە چ بارودۆخێك دایە..

کامێرای جۆری babaycam بۆ ئەو مەبەستە بەرهەم هاتووە، کە بەردەوام چاودێری منداڵەکەیە و لەسەر شاشەیەك کە لە پێش شۆفێرەکە داندراوە دەزانی منداڵەکە بە چییەوە خەریکە..



# سایتێک بۆ دروستکردنی وێنەی گیف

فۆرماتی وێنەیی gif کە دەکرێت هەم بە «گیف» و هەم بە «جیف» بخوێندرێتەوە.. تایبەتە بە وێنەی جوڵەدار.. ئەم فۆرماتە لە ساڵی ١٩٨٧ داندرا.. بۆ دروستکردنی وێنەیەکی «گیف» پێویستی بە وردەکاری و زانیاری پێویستە، بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپیش دەکرێت وێنەیەکی «گیف» دروست بکرێت.. پرۆگرامی دیکەی تایبەتیش هەن بۆ دروستکردنی وێنەی «گیف» بەڵام ئەگەر بتهەوێ بەبێ پرۆگرام وێنەیەکی گیف دروست بکەی ئەوە سوود لە سایتی http://gifcreator.me وەربگرە.. سایتێك کە لەودا تەنیا بە ئەپلۆد کردنی وێنەکە وێنەیەکی گیفت بۆ دروست دەکات..